

# سرووتەکانی عەشق

# لەپیاسەی ئێوارانی پایزدا

دەوەن

پێم بێژە هاوڕێ ( غەمبار ) لە کام دڵۆپیەی بارانەوە
وێنەی گەڵا ڕەنگاو ڕەنگەکانی شارت نیشاندەم
لە سێبەری کام ماڵی شیعرەوە، ئاهێکی هەناسەت بنوسمەوە.!
دڵگەرمانە نامەیەکت بۆ بنێرم فروو بێت
لە بۆنی گوڵە بەیبوون
تژی بێت، لە مەرحەبای گەرم و گوڕی ( شێخ ئەنوەر )
لە هەواڵپرسینی ( چێوار و ماجیدی حەمە جوان )
ئەز ڤێگاڤێ، یاداشتی ئەو گەڵایانە دەنوسمەوە
کە ساڵ بەو عەیامێ، بای وەشت هێنایە ماڵەکەمەوە

بایەک،  هەر خۆم دەزانم چۆن هەڵی کردوو
گێژەڵۆکەی تەمەن پیری کردن
بایەک، بۆنی کڵاوەکەی ( ئەحمەدی کۆر ) ی لێ دەهات
بەدەم هەنسک و گریانی گەڵاکانەوە
فرمێسکەکانی ( فەرهاد موحەمەد ) م سڕی
کە بۆ کەمانچەکەی دڵۆپ دڵۆپ هەڵی ڕشتن
لە نیوە شەوێکی ( ئەڵاوەیسی ) دا
دەنگی دەفەکانی ( غەمگین فەرەج ) وە ئاگای هێنامەوە
کە لە شەوێکی دڵ و سنگ کوتانا
مانگ و ئەستێرەکانی لە ئاسمانەوە هاووردە خوارەوەو
ئاوازێکی نایە ، ناو باخچەی ( سەرا ) وە
سرووتەکانی ( غەمە ) داستانێکی غەمینن، بە من نانوسرێنەوە
ئەی خودایە ئەم حەمکە ئازارە چۆن بلاوێنمەوە
پێم بڵێ چۆن
مەگەر پێکێ شەرابی ( ودائی ) فریام کەوێت و
هەرچی خەونی مناڵیم هەیە بیگێڕیتەوە
خۆزگەم بەو شەوانەی ، لەگەڵ (حەمە کەساس و باوکی چرا) دا
لە ژێر ڕووناکی پێکەکانمانا ، قا قا پێدەکەنین
بە سروشت و بە ژیانی ( گوڵە تەختەکان )
بەو پیاوانەی حاڵی نەبوون، لە نەغمەی دار بەڕووەکان
بەو دڵانەی ووشەی ( ک ) یان تیا سەوز نەبوو
ئای خودایە چەند خاس و شیرین بوو
دەنگی پیاڵە و لەزەتی چاییەکانی (عومەری میرزا شەریف )
بۆنی شیعری ( گۆران و کامەران موکری ) لێدەهات
ئێمە ئەو کاتە بێخەبەر بووین، لە غەریبی لە دابڕان
بێ خەبەر بووین، لە نزاکانی ( مەحوی )
لە سێبەری سەیوانستان و لە جوانی گردەکەی ( یارە )
فێڵمان لە ( زەروان ) کرد و خۆمان لێ دزییەوە
مزگەوتەکانمان سنوور ڕێژکرد، بۆ تەقواکانی ( مەولانە خالید )
هەرچی ئاواز و مەقامەکانی ( ڕەشۆل ) هەبوو گمان کرد
ئای چەند هۆشنەیارین  ( لالە ) گیان
تفمان کردە کاسەکەی ( ئەحەی کرنو )
وامانزانی تورە دەبێت
چەمکی کاواکەی ( مەلا قانع ) مان گرت
تا سەرو چکلێتی شیعرمان باتێ
وەلێ  هێندە نەزان بووین

مێزەرەکەیمان فڕاند و تەسبیحەکەیمان ڕەوانەوە
چیمان لێهات خودایە ، وەدەست تووناو توونی جەنگەوە
وەدەست سرروودەکانی شەڕەوە
دەنگی تەقەی شەڕی براکان، منالانی برسی کڕ و بێدەنگ کرد
بێشکەی ساوایان هەڵگێڕایەوە
ماڵی شیعریان سوتان و ، دوکەڵی barووتیان بەردایە کتێبخانەی شارەوە
ئالای ڕەنگ ئەرخەوانی ، سەر گلکۆکانیان هەڵکڕوزان!
وەکو لاشەی سەربڕاوی شانۆکەی (کەریم عوسمان) هەموومان
بێ جامانەنین بێ فەقیانەین
جارێک نەبوو، بە دڵەوە ماچی هاوڕێیانەی ( دیلان ) بکەین
دەستی گەرم ، تەوقەی گەرم ، بنێیینە دەستی ( قایەر دیلان ) ەوە
چەکوش بە دەستەکانی سیاسەت، هەموو ڕۆژێ
بزمارێکی ژەنگاوی بە عەقڵی خێڵەوە
لە سەر تابووتی شەهیدێ دائەکووتن
جوانی لە ناخی مرۆڤەکانا ئەکوژن
کێ دیویەتی دەست و پەنجەی هەتاو کوژەکان
جوانیەک بە عەشق ببەخشن.!
ئای وەتەن چ لەزەتێکی تاڵە ئەم ژینە
ئێمە هەمووومان درۆمان کرد درۆ
تەنیا مانگ نەبێت ، لە دوای ئاوا بوونی
ڕۆژەوە هەڵهات ، بۆ ئاواکردنەوەی شەقامەکانی تانیایی
ئەو شەقامانەی ، وێنەکانی ( چرۆ و هێمن ) یان لە ڕووخساری
کۆڵانەکانی شارا کێشا، تا هەرچی چیرۆکی عەشقی ئەوان هەیە
لە گەردنی درەختە سوتاوەکانا هەڵبواسێ
کە بەدەم سوتانی هەناسەیەکەوە
هەموو گوڵەکانی باخی ( هێمن ) یان هەڵوەران و
حەسرەتێکیان لە شوێن هەنگاوەکانا چاند
لەو حەلەوە منی عاشق
منی ( نال ) چەماومەتەوە بە سەر
خامەکەی (وەفایی) داو دەمەوێت
تێر تێر بۆنی شیعر و دەست و پەنجەی
عاشقانەی ( ترێ ) بکەم!
هاوڕێم ( ئەکرەم عەلی ) لە بیرتە
ڕەوە عەگالێکی سوور بە مشتێ بیسمیلاوە
ڕەنگەکانی شاریان تۆران و
چاوەکانی ( ئاکۆ ) یان سور هەڵگەڕان؟

له بیرته ئەو بەیانی یە
ڕەش بوو بە سوور و شین بوو بە سوور و
هەموومان بە ڕەنگی ئەو فریشتە ئاڤێستاییە
ڕەنگمان سوور بوو ، سپی بوو ، سەوز بوو
وای لەم ڕەنگە پەرچەمییە چەند دڵگیرە
هەر دەڵێی ڕەنگی ( مەم و زینە )
لە ناو فرمێسکەکانی ( خانی ) دا!
وای چیت پێ بێژم وەتەن
کە تۆ خۆت جوانیت بکوژیت
ئیدی چۆن باسی جوانیت بکەم
ئەوەتا لە حەیوەتا پێت بێژم
جوانیت لە شیعر و لە پایزتدایە
پایزت لە جوانی گەڵاکانتدایە
جوانیت لە ناخی مرۆڤە پاکژەکانتدایە
گەر جوانی ئاو نەبوایە ئەی خاک
ئێمە ڕووبارمان نەدەناسی
گەر پاکژی ( عەنبەر خاتوون) نەبوایە
ئێمە ( مەولەوی ) مان نەدەناسی
گەر ( نالی ) نەبوایە گوڵ و ( حەبیبە ) مان نەدەناسی
هەنگ هەموو جارێ بە عەشقەوە ماچی جوانی گوڵ ناکات
وەلێ گوڵ هەمیشە چاوەڕوانی ماچی هەنگ و دڵۆپەی بارانە
لە سەماو پییاسەی ئێوارانی پەمەیی دا.!
................

( ئەم دێرانە پێشکەش بێت ، بە هەموو ئەو هاوڕێیانەی ، کە ناویان لەم شیعرەدا هاتووە )